بەکاتی ناوەندی ئەوروپا www.kurdistannet.org
4-11-2005 0:29

# سەرۆک کۆماری عێراق و وانەدیموکراسیەکانی ئەمڕۆ لە عێراق دا ... باوکی هەنسک

هەواڵ و دەنگوباسی زۆر دەبیستین لەمەڕ دەورەی داهاتووی هەڵبژاردن وگۆڕانی پۆستەسیادی و گرنگەکانی عێراق، کەشەڕوکێشمەکێشەکانی داهاتوی ئەم وڵا تە، بەنیازە یەك لای بکاتەوە. لەهەمان کاتدا ڕۆژانەگوێبیستی کوژران و ماڵوێرانی بەشێکی دیکەی خەڵکی دەبین لەڕێگای تەقینەوەکان بەدەستی گروپە تیرۆرستەکانەوە.

کەئەمڕۆ سیناریۆیەکی ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێی بێ سەقامگیر لەم ناوچەیەدا زاڵە، بەسەر خواست و ئامانجەکانی زۆرینەدا. کەخوازیاری هەرچی زیاتری ژیانێکی ئاراموو بێ گرفتن بۆ ژیانیان. دیارەهەموو لایەك ئاگای لەوەهەیە، کەبەڕێز سەرۆك کۆماری عێراق بەردەوام دەیەوێت، لەتڕوانین و بڕیارەکانیدا نەرمیەك بنوێنێ و ئەو تێڕوانینەمەرگ ئاسایانەی دوێنێ بگۆڕێت کەلەبیرو زهنی زۆرێك لەپیاوانی ڕژێمی بەعسداهەیە، بەتڕوانینی ژیان دۆستی و پێکەوەژیان بۆ سەرجەم گەلی عێراق. بنیات نانی عێراقێکی نوێ کەهەمووکەس تیایدا ئازاد بێت لەماف و بیرکردنەوەکانی و دابین کردنی ژیانێکی ئینسانیانەبۆ هەموان. دیارەئەم تێگەیشتنە جێگای خۆشحاڵی یە کەبتوانرێت کارێکی وا بەئەنجام بگەیەندرێت، بەڵام گرفت لێرەدا ئەوەیە، ئەم هەڵسوڕانانەی سەرۆك بۆ بەرژەوەندیەکی تایبەتی تر گوزەر بکات، کەخۆی لەوەدا ببینێتەوە کەئامانجێکی کەی لەپشتەوەیە.

وەك ئاگادارین لەڕۆژنامەی کوردستانی نوێ و تەلەفزیونی کوردسات تیڤی هەواڵی کۆبونەوەیەکی سەرۆك کۆماری عێراق لەگەڵ زیاتر لەهەزار کەس لەجێگر فەرمانی سوپای عێراقی پێشوو داو بەڵێنی ئەوەی پێدان کەئێوەتاوان بارنین و ئەوەدەسەڵاتی جەلاد بوو کەئێوەی کردبوو بەقوربانی. ئەمەئەگەر گریمان واش بێت و لێبوردن هەبێت جێگای، خۆیەتی. بەڵام لەبەرانبەر ئەمانەشدا، لەجیهاندا نەبووەهیچ هێزو دەسەڵاتێك بە خواستی چەند کەسێك دامەزرابێت و ئیتر ئەوی کەهەموو کۆیلەبوو بێت، دیارەلەڕژێمی بەعسدا ئەم تێگەیشتنەبۆ خۆی زاڵ بوو بەسەر تەواوی هەڵسوکەتی سەدام دا، کەبەبێ بڕیاری ئەو نەدەتوانرا هیچ بڕیارێك جێبەجێ بکرێت. کەزۆرینەی بڕیارەکانیشی ' مەبەستم ڕژێمی بەعسی تیاچوە' بڕیاری تێکشکاندنی ئارەزوەئینسانیەکانی خەڵکی عێراق بوو، بۆ تەسلیم بوون لەژێر سایەی بیرکردنەوەی سەرۆکدا. لێرەدا دەمەوێت ئیشارەبەوەبدەم ئەوەتەنها سەرۆك مام جەلالەکەبەردەوام بەشوێن دڵ نەرمی یەوەیەبۆ پیاوانی دوێنێی بەعس کەزۆر دڕندانەو کەم وێنەلەمێژوی مرۆڤایەتیدا چۆن دەستیان سور بوو بوو لەخوێنی عێراقیەبێتاوانەکاندا، بەکوردو عەرەبو بەشەکانی کەشەوە.

لەکاتێکدا ئەم سەرۆکەمان داوا دەکات لەفرۆکەوانەکانی دوێنێ کەبچن لەکوردستان، بژین چونکەلەوێ جێگای ئارام و ئاسایشیان دەست دەکەوێت و چۆنیان بوێت دەتوانن وا بژین، ڕاستەوتویانەکورد ساحێب ماڵ نەبووەلەبەرانبەر غەریباندا، بۆیەسەرۆکیشمان وا بچوکی خۆی نیشان دەدات لەبەرانبەر ئەم زاتەموبارەکانەدا !!! ئەوەنی یەبەشوێن داخوازی بەرزان تکریتی زڕبرای دیکتاتۆر بۆ ئەوەی چارەسەر بکرێت لەنەخۆشیەکەی و کەگەشتەئەڵمانیاش

بەپێی هەواڵی ئەمڕۆی ڕۆژ تیڤی، وەبەڕێز جەنابی سەرۆك هەوڵی ئەوەشی دا بۆ ئەوەی ڕەغد باوکی ببینێت لەزینداندا. من پێم وانیەئەم هەموو نەرم نواندنەی سەرۆکی عێراق لەوێوەبێت کەئەو بڕوای تەواوی بەدنیای دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیەئینسانیەکان هەبێت، بەڵکو لەوێوەیەکە، ئەم کاتی خۆی سەدامی دیکتاتۆر بەبڕیارێك هەمو پێشمەرگەو بڕپرسانی بەلێبوردن کرد تەنها بەڕێز مام جەلال نەبێت.

بۆیەبەتێگەشتنی خۆم ئەم هەولاَنەی لەم ڕێگەیەوەبۆ ئەوەی ئەم وانیشان بدات کە بەڕاستی پارێزەرێکەو دەیەوێت گشت کۆنەبەعسیەکان و تاوانباران ئاشت بکاتەوەو، خۆشی بەپارێزەریان دابنێت و با شترین جێگاو ڕێگاشیان بۆ دابین بکات، لەداهاتوشدا، لانی کەم دەنگەکانیشیان بۆ داهاتوی هەڵبژاردن مسۆگەر بکات. ئەگەر وانیەو سەرۆك کۆمار بڕوای تەواوی بەئازادی و مافی مرۆڤ و ژیانی شایستەهەیەبۆ خەڵکی عێراق و کوردستان؟ ئەی ئەم سەرۆکەمان بۆ ئەگای لەئەو هەمو ناڕەزایەتی و بێ مافیانەنیەکەڕۆژانەبە خەڵکی کوردستان دەکرێت و بەرپرسانی کەئەوەتا لەزاری کەسەحیزبیەکانی خۆیانەوەکەنوسینەکانیان لەسەر تۆڕی ئەنتەرنێتەوەبڵاو دەکەنەوەو هاواریانەبۆ مامەکەفریا بکەوێت، چونکە بەرپرسان بوون بەئەژدیهاو دەوڵەمەند بوونیان لەڕادەدەرچووە، یان بۆ سەرۆکمان ئاگای لەوەنیەکەبەڕێزانێکی ڕۆشنبیر تەنها لەسەر بیرکردنەوەی ئازادی خۆیان لەسەر کارەکانیان دەردەکرێن و یان دور دەخرێنەوەو یان بێ سەرو شوێن دکرێن! ئەوەتا بەڕێز فەتاح زاخۆی کەئەمادەنی یەدەنگ بەدەستوور بدات لەسەر کارەکەی دەردەکرێت، یان بەڕێز د. فەرهاد پیر باڵ بەزۆر ناچار دەکرێت یان واز بێنێت یان بگوازرێتەوەبۆ زانکۆیەکی کەی کوردستان یان بەڕێز ڕێبوار سیوەیلی ئاگر لەخانووەکەی بەردەدرێت، یان بەڕێز د. کەمال سەید قادر کەبێسەرو شوێن دەکرێت. ئەی ئەگەر ئەمانەبێ ڕێزی و ئیهانەکردن نەبێت ئەی ناوی چی دەتوانرێت لێ بنرێت. خۆ ئەمانەگێرەشێوێن نین و بەپێی بڕیارەکانی مافی مرۆڤ و مافەسەرەتای یەکانی جاڕنامەی مافی گەردونی مرۆڤ، بەشێکن لەئازادیەکەسیەکان لەمافی دەربڕین، کەلەدنیای دیموکراسیدا زۆر بەئاسانی جێگای ئەم تێگەیشتانەدەبێتەوە. ئەوەبەڕێزشتەکەهەردەم دەڵێیت عێراق ی داهات و عێراقی دیموکراسی و دەربڕینی، هەمو بیروڕائازادەکانە؟ ئەی ئەگەر وایەبۆ تا ئێستا هیچ لێدوان و دەربڕینێکت نەبووەو یان لانی کەم ئەم بێ ڕێزی کردنانەسەرکۆنەبکەیت. لەکۆتایدا ماوەتەوەبڵێم بەئینسانی بوون وتێگەشتن لەمانای پاراستنی حورمەتی ئینسان و بەخشینی هەقی ژیان بۆ گشت دانیشتوانی هەرچ نەتەوەیەك خۆی لەخۆیدا پاراستنی مانای پیرۆزی ئامانجەکانی ژیان و مرۆڤەبەکۆی پێناسەگەورەکەی مانای ئازادی خۆی. بڕیا بەڕێزیشت لەهۆڵێکی زۆر گەورەو بەبەرەوچاوی گشت ڕۆژنامەنووسان و بەرپرسانی پارتەعێراقیەکانی ئەمڕۆ، و بەعسیەزیندوەکانەوە، بتوانیبایەگەورەی خۆت نیشان بدایەو زۆرینەی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان و خێزانەبەر کیمیاوییەبەرکەوتوەکان کەئەوانەی لەژیاندا ماوون، لەهۆڵێکی وەك ئەو هۆڵەی لەگەڵ جێگر فەرماندەکانی سوپای پێش وبە ئەنجامت گەیاند و داوای باشترین ژیانت بۆ کردن. ئاواش بۆ خێزان و کەس و کاری ئەنفال کراوان و کیمیاوی بەرکەوتوان دانیشتنێکی وات بەئەنجام بگەیاندایەو داوای باشترین، ژیانیشت بۆ ئەوانبکردایەو تەواوی ئەو جیهانەشت ڕیسوا بکردایەکەدەستیان هەبوو، لەبەهێز کردنی ڕژێمی بەعس و بێ دەنگەشیان کرد لەکاتی خۆیدا لەجینۆساید کردنی میللەتی کوردا. چوونکەئەنفال و کیمیا باران کردنی کو رد بوون بەرەمزێك بۆ ئێمەو هیچ جیاوازیەکیان نیەلەگەڵ هێرۆشیماو هۆڵۆکۆستدا؟

باوکی هەنسك هۆڵەندا 2005\11\02